# پارلەمانتارانی ئوروپا پشتیوانی لە مانگرانیستراسبۆرگ دەکەن

## ئاوێنە:

پارلەمانتارانی ئوروپا و وەزارەتی دەرەوەی نەرویج پشتیوانی لە مانگرە کوردەکانی ستراسبۆرگ دەکەن. پاش تێپەڕبوونی بیست و شەش ڕۆژ لە مانگرتنی بێسنووری پازدە کەسایەتیی کورد وەک نارەزایی لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا دژ بە کوردانی ئەو وڵاتە، هێندێک کەسایەتی سیاسیی پشتیوانی خۆیان بۆ داخوازیی مانگرتوان راگەیاندووە.

لەم بارەیەوە "نیگار عینایەتی" یەکێک لە مانگرتوان لە پەیوەندییەکدا بە هەفتەنامەی ئاوێنەی رایگەیاند:

شاندێک لە کۆنگرەی بەرێوەبەری هەرێمی کۆنسەی ئەروپا سەردانی مانگرانیان کرد. شاندەکە ئاماژەیان بەوەکرد کە سەردانەکەیان بە ئامانجی پشتگیریکردنە لە مانگران. هەروەها شاندێکی فەرەنسایی دەقێکیان ئامادە کردووە و پەرلەمانتارانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیرلەندی وئیسپانی کە لە 20 پەرلەمانتار پێک هاتووە و لەگەڵ 20 قەشە ئیمزایان کرد کە پشتگیری لە داوای مانگران دەکات.

لە لایەکی دیکەوە لە میدیاکاندا بلاوبۆتەوە کە وەزارەتی دەرەوەی نەرویج پشتیوانی خۆی لە داواکاریی مانگران راگەیاندووە، سەبارەت بەم یەکەیە " نیگارعینایەتی" وتی: من نامەیەکم سەبارەت بە چالاکی و داواکانی خۆمان بۆ حکومەت و وەزیری دەرەوەی نەرویج ناردبوو. چەند رۆژ لەوەپێش لە رێگەی تەلەفونەوە وتەبێژی وەزارەتەکە پەیوەندیی تەلەیفونی پێوەگرتم و پشتیوانی خۆی بۆ بەرخودانی گەلی کورد راگەیاند و دوبارەی کردەوە کە حکومەتی نەرویج وەک پرسێکی گرینگ دەیخاتە رۆژەڤی کاری خۆیەوە. هەروەها پارتی سوری نەرویج پشتیوانی خۆی راگەیاندووە و لە گۆنگرەی خۆیدا وەکو پرسێکی سەرەکیی باسی لەسەر کراوە و لە رۆژانی داهاتوودا هەڵوێستی فەرمی و چاپەمەنیی خۆی لە سەر ئەو مانگرتنە روو بە سەفارەتی تورکیە و حکومەتی نەرویج رادەگەیەنن.

سەبارەت بە تەندروستی مانگرتوان و رەوشی ئیستایان "نیگار عینایەتی" وتی: رۆژانە پشکنینی پزیشکیمان بۆ دەکرێ. رەوشی مانگرتوان لەباری جەستەییەوە بەرەو لاوازیی چووە، کێشی مانگرتوان بە شێوەی نائاسایی لە نێوان 7 بۆ 14 کیلۆ دابەزیوە. گوشاری خوێن ناڕادەیەکی بەرچاو کەم و زیادی کردووە، لاوازیی تەواومان پێوە دیارە، بەڵام ئێمە پێداگرین لە سەر خواستەکانمان و سوورین لە درێژەدان بە مانگرتنەکە تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان.
پێوستە بوترێ کە نیگار عینایەتی ئەندامی پێشووی شارەوانیی ئۆسلۆ (2007 بۆ 2011) و هەروەها ئەندامی پارتی سوری نەرویج، هاوڕێ لەگەڵ 14 کەسایەتی سیاسیی و نوسەر و چالاکی بواری ژنان، کە دانیشتووی چەند وڵاتێکی ئوروپان، لەبەر دەم کۆنسەی ئوروپا لە شاری ستراسبۆرگی فەرانسا مانگرتنی بێسنوریان راگەیاندووە. ئەم مانگرتنە لە رێکەوتی 1.3.2012ەوە دەستی پێکردووە و دژ بە گۆشەگیری توند بۆ سەر بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجالان و بۆ پشتیوانیکردن لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی لە زیندانەکانی تورکیا و هەروەها بۆ نارەزایەتی دەربرین لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا و ئێران دژ بە کوردان ئەنجام دەدرێ.